# قەیرانی ئابووری بە زمانێکی ساکار

زۆر بوونی ژمارەی بێکاران هۆیەکە بۆ دیاردەی تەنگژەی ئابووری. کاتێك قسە لە کێشەی ئابووری لە ئێستادا دەکرێ. هەواڵ وراپورتی زۆر لە سەر ژمارەو ئەو رادەکان رێژاەکان بڵاودەبنەوە. ژمارەو رادەی ئەوتو کە لە یەکەمین لێروانین و بەراورد کردندا بە ئاسان نایەنە بەرچاو. بەوجۆرەش ئاڵوزی و تەنگژەی ئابووری کە لە سەرەتادا، بانکەکان و سەرمایەدارنی گرتۆتەوە، دوایی کاریگەری لە سەر ژیان خەڵك دەبێ.

کێشەی ئابووری لەئێستادا بە بەراورد کردن قورسی و بەرینیەی، لەگەڵ گەورەترین، کێشەی ئابووری جیهان لە ساڵی ١٩٢٩ بەرانبەر دەکرێ، ئەو تەنگژە ئابووریە گەورەیەی کە لە ساڵی ١٩٢٩ تاساڵی ١٩٣٣ درێژەی کێشا . رێژەی بەرهەم هێنان لە جیهاندا کە زیاتر لە ٥٠لەسەد دابەزی و زۆرترین وولاتانی پیشەسازی جیهان لە مەیدانی بەرهەم هێنان گەرانەوە بۆ ئەو هەل ومەرجەی کە سی ساڵ پێشتر تیایدابوون. نزیك بەچل ملیون کرێکار لە سەرانسەری جیهان بێکار بوون وهەزاران دامەزراوەیماڵی وئیعتباری دارمان و وەرشکست بوون. دەگوتری زیانەکانی ئەوتەنگژە ئابوریە بە چەند پلە زیاتر بووە لە زیانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

تەنگژە ئابووری جهان لە ساڵی ١٩٩٩ تائێستا. بریارو رێ وشوێنی زۆر سەخت لە ئەمریکا پێدانی قەرز و هەروەها کەمی نرخی قازانجەکان لە لایەن بانکی ناوەندی ئەمریکا، زیادبوونی لە رادەبەدەری قەرزەکان، ئەویش بە قازانجی کەم. بە شیوەیەك کە بانکەکان تەنانەت ناتوانن هیوای ئەو هاووڵاتیە کەم داهاتانە کە لەوپێش دەسەڵاتی کرین خانوویان نەبوو، بە پێدانی قەرزی بە قازانجی کەم وەدی بێنن.

هومێد بە زۆربوونی خانووبەرە لە داهاتوودا، دەبێتە هوی، ئەوەی سەرنج نەدرێتە بێ توانایی کریارانی خانوو بە دانەوەی ئەو قەرزەی پێ یانداراوە.لەم نێوەدا مەسەلەیکی دیکە کە بە تەواوی سەرنجی نەدراوەتی، ئەوەیەکە رادەی قازانجەکانی کە لە بەر چاوگیراوە بۆ ئەو قەرزانەی کە لە لایەن بانکەکانی ئەمریکاوە بۆ ماوەی کورت ماوە دراون لە چاو ئەو قازانجە ئاساییەکان نرخی لە چاو ئەو قازانجەی کە لە لایەن بانکی مەرکەزی گۆرانکاری بەسەر دادێ. لەم هەل ومەرجەدا ئەگەر رادەی قازانج جارێکی دیکە زیاد بکرێ ئەومەترسیەی هەیەکە زۆربەی قەرزدارەکان نەتوانن قستی ئەو قەرزانەی دراویانەتی بیدەنەوە بەبانکەکان.

ساڵی ٢٠٠٠بانکەکان بۆ کەم کردنەوەی قەرزەکانی خانووبەرە رێ وشوێنیکی بە ناو پەسەندو باشیان خستە بەردەم . ئەو قەرزانەی ئەوان داویانە بەخەڵك لە چوارچیوەی بەستەی سەرمایەدانان دەخەنەبازاری بوورسەوە. لەونێوەشدا ئاژانسەکان دیاری کردنی قازانج کە ئەرکیان دیاری کردنی رێژەی ئەمنیەت وقازانجی بانکەکان ودامەزراوە ماڵیەکانە، پێشتوانی جێگەی سەرنجیان لە بانکەکان کردووە ئەو بەستانەی لە لایەن بانکەکانەوە خراونە بازارەوە تەزمین کردوە.

بستەکانی سەرمایە پێشوازێیکی بەرچاوی لە بازاری بورس لێ دەکری، تەنانەت بانکەکان ،شیرکەتەکانی بیمەو وبنکەکانی سەرمایەگوزاری لەئوروپا بە هومیدی قازانجی بەرچاو ئەو بەستانە دەکرن و دەیدەن بە موشتەریەکانی خۆیان .رادەی مەترسی شاراوە لەو بەستە سەرمایە گوزاریە بە زاهیر قازانج هێنەرە لە بەر چاوی کارناسانی رەخنەگریش دوورە، چونکە ئەوان بۆ ناسینی کەڵك وقازانجی ئەو بەستانە دەبێ هەڵومەرجی ماڵی تاك تاکی ئەوانەی قەرزی خانووبەرە یان لە بانکەکانی ئەمریکاوە رگرتوە بخەنە ژێر لێکۆلینەوە،بە سەرنج دان بە ژمارەی زۆری قەرزی خانووبەرە کە لە یەك کاتدا بە شێوەی بە ستەی سەرمایەگوزاری کەوتوونە بازار،بەرێوەچوونی لێکۆلینەوەگرانە وناکرێ.




ساڵی ٢٠٠٤، بانکی ناوەندی ئەمریکا مەترسی لە نرخی هەڵاوسان لەو ووڵاتانە دەبێ و هەر لەو پێوەندیەدا لە مانگی ژوئەنی ساڵی ٢٠٠٤ نرخی قازانج لە داهات بەرەبەرە زیاد دەکرێ. ئەوکارەی بانکی ناوەندی ئەمریکا رێژەێك کاردانەوەی یەك لە دوایەکی بەدواوەبوو. هەر بۆیە بەخیرایی نرخی قازانجە ئیعتباریەکان لە رێگەی بە بارمتە دانانی داراییەکان وکەل پەلە کان لەلایەن بانکەکانەوە زیادی کرد.

هەربۆیە زۆربەی خاوەن خانوەکان و دامەزراوەکان لەگەل شێوە قیست وقەرزدانەوەیەك رووبە رووەبن کە توانای دانەوەیان نیە.

تەنانەت زۆبەی ئەو کەسانەی داهاتی زۆریان لە کاتی گەشە سەندن و بەرزبوونەوەی بازاری خانوو بەرەودەست کەوتبوو بەشێك لە قازانجی خانوو وسەرمایە کانیان بۆ وەرگرتنی قەرز بەبارمتە لە بانکەکان دانابوو، تا لەهەل ومەرجی نوی زیان نەبینن.

لە کاتێکدا کە بازاری خانووبەرە جاریکی دیکە کەوتۆتەوە تێ شکان وبێ بازاری، هەراج کردنی خانوو، زەوی لە لایەن ئەوکەسانەی کە قەرزیان لە بانکەکان وەرگرتوە بۆ ئەوەی قەرزەکانیان بدەنەوە بۆتە هوی ئەو هەل ومەرجە.

تەنگژەی ئابووری جیهان نارەزایەتی لە وولاتانی جیهان بەدواوە بووە، کە هێندێك لەو نارەزایەتیانە لە چوارچیوەی مانگرتن وشەرو پێکدادان بووە.

بە تێ پەرینی کات ژمارەی ئەو کەسانەی ناتوانن قیستی قەرزەکانیان بدەنەوە زیاد دەبێ. بانکەکان ، شیرکەتەکانی بیمە وبنکەکانە سەرمایە دانان ناچار دەبن چاو لە داواکانیان بەپۆشن. ژمارەیەکی زۆری دامەزاوە ئیعتباریەکانی خانووبەرەو نیشتەجێ بوون، وەرشکەست بوونیان رادەگەێنن.

بە دارمان و هەڵوەشانەوەی بانکی گەوەی ((نوردن راك))لە ئینگلستان، وەرشکست بوونی دامەزاوە ماڵیەکان وردە وردە بەرەو ئوروپا دەگوێزرێنەوە. بە دوای وەرشکەست بوونی چەندین بانك و دامەزاوەی ماڵی گەورە وبچوکی دیکە لە ئوروپا و ئەمریکا ، بەرپرسانی ئەو بانکانە هەست بەوە دەکەن کە هەل ومەرجێکی مەترسیداردان .لە ئاکامدا هیچ بانکێك موتمانە بە بەبانکێکی دیکە ناکا. تەنانەت بانکەکان لە دانی ئیعتباری رۆژانە بە یەکتر خۆ دەپاێزن، لەو نیوەدا بانکەکان لەریگەی بلاوکرنەوەی ملیاردها پوول هەوڵ دەدەن پوول لە گەڕان نەکەوێ.

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٨ کرینی ئەو بانکانەی مەترسی دارمانیان لێ دەکرا لە لایەن بانکەکان و دامەزراوەکانی دیکەوە بۆ ماوەییکی کەم، ئارامییان خستە بازارەوە. دامەزراوەی جی پی، بانکی بیر ئسترنس و چەند بەش لە دامەزراوەی ماڵی واشنگتون مۆتواڵیان بە نرخێکی کەم کڕی. مریل لینچ یش دەبێتە خاوەنی بانکی (ئاف ئەمریکا). لە وولاتانی ئوورپاییش ئەو بانکانەی مەترسی دارمانیان لێ دەکرێ دەستاودەست و کرین وفرۆشتنییان پێ دەکرێ. لەو هەل مەرجەدا بۆ گەرم داهێنانی ئەو مەعامەلانە، دەولەتەکانیش ناچارن بێنە مەیدان و موتمانەی چەندها ملیاردی پێش کەش بکەن. بەوحاڵەش هەموو دەزانن مەترسی پێش بینی نەکراو لە دانی قەرزی خانووبەرەو نیشتەجێ بوون لانەچووە وکەس نازانی داهاتوو چۆن دەبێ.

پاییزی ساڵی ٢٠٠٨ مەترسی لەو هەرەشە چاوەروان نەکراوانەو وردە وردە بازاری ماڵی جیهان دەگرێتەوە. بانکەکان یەك لە دوای یەك وەرشکست دەبن. کەمی نرخی بەشەکان(سهام) لە بازاری بوورسە، تەنانت بانکە بە زاهیر بێ کێشەکانیش تووشی ئاڵوزی وکێشەی ماڵی دەکا.

لە دوای باس ولێدوانیکی زۆر لە ئاکامدا ئەمریکا گەلالەییکی ٧٠٠ملیارد دولاری دادەرێژێ، بەو پوولە بریارە، ئەو ئیعتبارانەی بانك کرداوەکان بگێرێتەوە تا بەوکارە کۆتایی بەو مەترسیانە بینن کە لە بازاردا هەیە. ئوروپاییەکانیش گەڵاڵەیان بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەو تەنگژە ئامادە دەکەن، لە کاتێکدا ئینگلستان لە بیری بە دەوڵەتی کردنی بانکەکانە، ئاڵمان گەڵاڵەی رزگار کردنی بانکەکان دادەرێژی، ئیسلەند لە بەردەم دارمان و وەرشکەست بوندایە.

تەنگژی ئابووری وەردە وەردە باڵ دەکێشی بە سەر بەشەکانی دیکەی ئابووریدا .رەوتی کەم بوونەوەی نرخی بەشەکان(سهام)لەسەرانسەری جیهاندا درێژەی هەیە.

شیرکەتەکان باس لە کەم بوونەوەی قازانجەکانیان دەکەن، ئەو تەنگژەیە وردە وردە روو لە چینی مام ناوەندیش دادەکا.

***

# کۆمیسارییای بەرزی کاروباری پەنابەران: هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە ئێراندا جێی نیگەرانییە



کۆمیسارییای بەرزی کاروباری پەنابەران کە ناوەندەکەی لە شاری ژنێڤە و لە ئێراندا دەفتەری لە شاری جیاجیاکان بۆ کۆمەگ بە پەنابەرە عێراقی، ئەفغان و باقی وەڵاتانی دیکە کردۆتەوە، بە دەرکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ (٣٠ مارسی ٢٠٠٩) هەل و مەرجی مافی مرۆڤی لە ئێراندا لە چەند ساڵی ڕابردوودای بە خراپ ناوبردوە.

کۆمیسارییای بەرزی کاروباری پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵانە سەبارەت بەو وەڵاتانەی زۆرترین پەنابەر لە جیهان پێك دێنن، ڕاپۆرتێك لە بارەی مافی مرۆڤ لەو وەڵاتانەکۆدەکاتەوە. ئێرانیەکان وەك ساڵانی ڕابردوو لە لیستی بەرزترین پەناخوازان لە جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨دان.

لە پێشەکی ئەو ڕاپۆرتە بە ئیشارە بە شەستەمین ساڵرۆژی ڕاگەیێندراوی جیهانی مافی مرۆڤ، گشتنامەی کوروشی بە سەرەتای جارنامەی مافی مرۆڤ ناوبردوە. ئەو ناوەندەی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: لەگەڵ ئەوەی کە گشتنامەی کوروش یەکەمین جارنامەی مافی مرۆڤ لە جیهان و لە ئێراندا بووە، بەڵام بەرپرسانی کۆمیسارییای بەرزی کاروباری پەنابەران لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەو وەڵاتەدا نیگەرانن.

ئەو خاڵانەی کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤ گرینگی پێ داوە، ئێعدامە بەتایبەت ئێعدامی مێرمنداڵان، نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین، کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان، هەل و مەرجی ژنان و ناوەندەکانی کرێکارانە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: بەرپرسانی کۆمیسارییای بەرزی کاروباری پەنابەران چەندین جار داوایان لە بەرپرسانی رژیمی ئێران کردوە سزای ئێعدام ڕاگرن. بەڵام بە پێی ڕاپۆرتی ئەو ناوەندە نێونەتەوەییەی کۆمەگ بە پەنابەران، بە لەبەر چاوگرتنی ڕێژەی خەڵك، رژیمی ئێران پلەی یەکەمی جیهانە لە بارەی سەپاندنی حوکمی ئێعدام لە ساڵی ٢٠٠٨ دا.

ئێعدامی بە کۆمەڵ بەبێ لە بەرچاو گرتنی کەمترین بنەمای مافی مرۆڤ، بەردباران، خستنەخوارەوە لە بەرزایی، تا ئێستاش لەلایەن دادوەرەکانی رژیمەوە بەرێوە دەبرێ.

لەو ڕاپۆرتەدا ئیشارە کراوە بەو مەحکومیەتە جیهانیانە دژ بە بەرپرسانی رژیمی ئێران سەبارەت بە ئێعدامی ئەو کەسانەی لە منداڵیدا تووشی تاوان هاتوون و لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی رژیم لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بەردەوام بەرێوەیان بردوە. چاوەڕێ دەکرێ ١٣٠ تاوانباری لاوی مەحکوم لە داهاتوو ئێعدام بکرێن.

بە ئیشارە بە تەمەنی بەرپرسایەتی بەڕێوەبەری بە پێی شەرعی ئیسلام کچ لە ٩ ساڵی و کوڕ لە ١٥ ساڵیە، ڕاپۆرتی ئەو ناوەندە نێودەوڵەتیە بیری بەرپرسانی رژیم دێنێتەوە کە ئێران کونوانسیۆنی مافی منداڵانی ئیمزا کردوە.

بەرپرسانی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران لەو ڕاپۆرتەدا بە ئیشارە بە قسەکانی ئەکبەری گەنجی رۆژنامەنوس کە گووتوویەتی: ئێران تەنیا وەڵاتێکی جیهانە کە تێیدا بەرپرسانی حکومەت دەتوانن بۆ هەمیشە نووسین لە رۆژنامەنووسێك قەدەغە بکەن. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بە شێوەییێکی بەربڵاو شاهیدی پێوەندانی چالاکانی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و خوێندکاران لەگەڵ ناوەندە دەرەکیەکان بووین.

ئەو ڕاپۆرتە زیادی دەکا: رژیمی ئێران بە بەکار هێنانی قانوونی کاروباری ئەمنیەتی رۆژانە خوێندکاران، چالاکانی بزوتنەوەی ژنان و ئەندامانی سەندیکای کرێکاران دەگرن و هەمووان بە دژایەتی ئەمنیەتی نەتەوەیی مللی، وەرگرتنی دراو لە دەرەوە و یا دژی شۆرش تاوانبار دەکرێن.

بەرپرسانی کۆمیسارییای نەتەوەیەکگرتووەکان رایانگەیاندوە کە ڕاپۆرت گەلێکیان پێ گەیشتووە کە تایبەتە بە شکەنجەی زیندانیە عەقیدەییەکان لە ئێران دا، لەوانە شکەنجە و لێدان لە کاتی لێپرسینەوە، ڕاگرتن لە زیندانی تاکەکەسی، خەوزڕاندن، رێگەنەدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێز و خانەوادەی زیندانی و لێپرسینەوەی ٢٥ سەعاتە.

ئەو ڕاپۆرتە بە جیاوازی دانان بۆ کەمینە نەتەوە و مەزهەبەکانی ئیشارەی کردوە و هەروەها قانوونی سزا ئیسلامیەکان کە تیایدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا سزای پاشەکشە و سێحر سزای مردنی بۆ دانراوە. ئەو قانوونە ئێستا لە مەجلیسی رژێمدا پێداچوونەوەی پێدا دەکرێ.

***